## سارا، ئەو کچە سویدیەی کە لە لایەن باوکی خۆیەوە سەدان جار دەست درێژی دەکرێتە سەر... ئەحمەد تازەدێیی

سوید



فرۆید، دەڵێت (ئادەمیزاد ناتوانێ مافەکانی بە تەواوی دەستگیر بکات، بە بێ تێرکردنی، ئارەزوواتی جنسی، هەموو خۆبەستنەوەیەك بە ڕێبازی ئاین، یان خورەوشت، یان باوو نەریت، هەمووی بە تاڵە بۆ ڕێبازی ژیان بە سود نی یە. )
بەڵێ، ئادەمیزاد، ئەگەر تەنها بیر لە تێرکردنی ئارەزوواتی جنسی بکاتەوە و خواو ئاین و خورەوشت و داب و نەریت و ویژدانی نەبێ، ئەوا دڕندە دەردەچێت، وەك باوکی سارا.
ئەم ڕووداوە دڵ تەزێنە کە دەیخوێننەوە، چیرۆکێکی خەیاڵی نییەو بەس، ئەمە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، بەندە لە کاتی گوێ بیستی هەواڵەکاندا، لە کەناڵ چواری سویدا، گوێ بیستی بووم و پاشانیش سودم لە تێکس تێڤی هەمان کەناڵ وەرگرتووە، بۆ ئێوەی ئازیزو خۆشەویست.
ئەمە بە سەر هاتی کچێکە، کە ئێستا شانزە (16) ساڵانە، بە ناوی (سارا) ، لە وولاتی سوید و بە ڕەگەزیش هەر سویدییە.
لە گێڕانەوەی بە سەرهاتی تراژیدی (سارا) ، ویژدانی هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان دێتە لەرزەو بە بیستنی ئەم ڕوداوە، کەم کەس هەیە نەفرەت نەکا لە دڕندەیەکی کەسێکی ئاوا، کە لە پێستی مرۆڤدایە.
کاتێ کە (سارا) ، تەمەنی یانزە (11) ساڵان بوو، باوکی داوای لە حکومەت کردووە، وەك چاودێری تەنهاو بەخێوکەری تەنهای (سارا) ، قەبوڵ بکرێت، چوونکە دایکی (سارا) ، جوودا بۆتەوە.
لە کاتێکدا کە باوکی (سارا) ، پێشتر دوو جار حوکم درابوو، بە دەست درێژی کردنە سەر کچانی مێرد منداڵ، بەڵام حکومەتی سویدی، پاش دوو ساڵ، حەقی بە خێوکردنی (سارا) ی، داوە بە باوکی. بەڵام کارەساتەکە لێرەوە دەست پێ دەکات!!!
لە ماوەی پێنج (5) ساڵی تەمەنی (سارا) ، لە نێوان (11-16) یانزە تا شانزە ساڵیدا، سەدان جار دەست درێژی کراوەتە سەر، لە لایەن باوکییەوە و دوو جاریش ئەم باوکە دڕندەیە سکی (سارا) ی پڕ کردووەو، منداڵی لێ بووە، بە بێ ئەوەی کۆمەڵگا خەمی لێبخوا. !!!
چۆنیەتی ئاشکرابوونی ئەم تاوانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گومانەی کە هەم لە لای (مامان) و، (دایکی سارا) وە دروست بوو بەوەی کە پەیوەندی نێوان، ئەم سك پڕبوونە شتێکی شاراوەی تێدایە و دەبێ بدۆزرێتەوە، تاوەکو دواجار لە پاش بوونی دووەمین منداڵ، بە پشکنینی (DNA) دەرکەوت کە ئەم منداڵەی سکی (سارا) ، لە باوکیەتی و لە کۆتایدا، دادگای سویدی بڕیاری چواردە ساڵ، زیندانی بۆ باوکی (سارا) ، بڕیەوە و ساراش هەر ئەیووت ئەمە تاوانێکی گەورەبوو باوکم کردی، قەت لە بیری ناکەم.